# • ڕەشەکوژی دژی ژنـان مەحکوم دەکەین *

هەرچەندە لەهەموو دونیـادا دیاردەی ڕەشـەکوژی ژنـان هەیـەو هـەتا لـە ولآتـانی پێشکەتووشـدا٠بـەلآم ڕەنگـە پێویسـتی بـەهاتنی چـەند نەوەیـەك بـووبێ هـەتا گەیشـتوونەتە ئـەنجامی هۆکارەکـەو کەمبوونـەوەی٠لـە کوردستانیش بۆ هەمان دیاردەی ڕەشەکوژی ژنان بەبیانوی پاراستنی شەرەف لـەم ماوانـەی دوایدا بەڕێژەیـەکی زۆرتـر کەهـەموو دەڤـەرەکانی گرتۆتـەوەو تەشـەنەی ئەمـەش کارەسـاتێکی دژوارو ترسـناکەو لەداهاتووشـدا بـەردەوامی ئـەم دیاردەیـە دەبێتـە هۆکـارێکی گـرنگ لەسـەر کاریگـەری بنیاتنـانی دیموکراسـیەت و ڕۆحـی مەدەنیـەت،بۆ ئـەم مەسـەلەیەش وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ لەبەدواداچـوون و لێپێچینەوەدایە و گـەڵێ سەرچاوەی پەیوەنداری ناوخۆ و جیهانمان لەم ڕووەوە ئاگادارکردۆتەوە و بەبـەردەوامیش توێژینـەوەمان لەسـەر کـردووە و هەوڵیشـمانداوە بەشـێوەیەکی زانستیانە بگەینـە ئـەنجامی هۆکارەکـانی و کـۆڕو سـیمینارەکانیش-مـان گـەواهی دەدەن٠٠٠بـەلآم وێـڕای مـەحکوم کردنمـان بـۆ ئـەم دیاردەیـە داوا لەدەسـەلآتی جێبـەجێکار دەکـەین ئیجرائـاتی توندتر لەم ڕووەوە وەربگرن،چونکە لە سەرچاوەی بـاوەڕپێکراوەوە زانیومانـە هەنـدێ کـەس تـەنها بـۆ مـەرامی نەخۆشی خۆیان ئەم کارە تاوانکارییانە دەکەن٠

لەهەمان کاتیشدا بەکۆمـەلآنی خـەڵك دەڵێین باهـەمووماں لـەم ڕووەوە هاوکـاربین و بەرلەهـەوو شـتێك ئاسـتی هۆشیاری بەرزبکەینەوە ودەوروبەرەکانمان ئاگاداربکەینەوە کە ئەم دیاردانە تـەنها بـەزیانی خانـەوادەو کۆمـەڵ دەگەڕێتەوە٠٠٠داواش لەکەناڵەکانی ڕاگەیانـدن دەکـەین ئەگـەر زانیـاری تـەواویان لەبەردەسـت نـەبێ حـەق نیـە بەم شێوەیەی کە ئێستا ڕاگەیاندنەکان بۆ ڕەواجی خۆیان ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیە دەوروژێنن بیکەن٠

جـارێکی تـریش مـەحکومی ئـەم دیاردەیـە دەکـەین و جـارێکی تـریش بـەدەزگا پەیوەنـدارەکانی ناوحکومـەت دەڵێینەوە ڕێگا چارەی یاسایی توندتر بگرنەبەر بۆ کەمکردنەوەو بنبڕکردنی ئەم دیـاردە ترسـناکە٠٠٠وەزارەتـی مافی مرۆڤ-یش وەك بەرنامەرێژی خۆی هەموو هەوڵەکانی دەخاتە کار بۆ بەشداریکردن لەم پرۆسەیەدا٠٠

**وەزارەتی مافی مرۆڤی**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**٢٠٠٧/٦/٧**